# هونەری زەک

هونەرمەند زەکەریا خاوەن دەنگ و ستایلێکی جیایە لەنێو هونەری کوردیدا و تاکوئێستا خاوەنی حەوت ئەلبوم و نۆ کلیپە و هەروەها لە پەیجی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک خاوەنی (١٠٥,٠٠٠) هاوڕێیە، ئەمەش ئەوە دەردەخات گوێگرێکی زۆری هەیە. کەچی ئەم هونەرمەندە لەبری ئەوەی هانبدرێت بۆئەوەی کاری جوانتر بکات، ڕۆژانە بەردەوام ڕووبەڕووی ڕەخنە و قسەی نەشیاو دەبێتەوە، زۆرجار ڕەخنەکان دەکەوێتە قاڵبی ئەوەی لەکەسایەتی ئەو هونەرمەندە دەدرێت، بۆئەم مەبەستە ڕاو بۆچوونی چەند هونەرمەندێکمان وەرگرتووە بۆئەوەی بزانین زەکەریا شایەنی ئەم ڕەخنەو قسە نەشیاوانەیە، یاخود هان بدرێت بۆکاری جوانتر.



**مەزهەری خالقی:**

**زەکەریا توانی جووڵەیەک لەنێو هونەری کوردیدا دروست بکات**

# ـەریا لەنێوان ڕەخنەو داهێناندا

«زەکەریا توانی جوڵەیەك لەنێو هونەری میوزیکی کوردی دروست بکات» ئەمە قسەی هونەرمەند مەزهەری خالقیە کە دەڵێت: «ئەو هونەرمەندە توانی جوڵەیەك لەنێو موزیکی کوردی دروست بکات، هەروەها زۆریش حەز لەدەنگ و ستایلەکەی دەکەم، بەڵام ڕەخنەشم لێی هەیە بەهۆی بوونی کاری تایبەتی خۆی کەمێك لەهونەرەکەی دوورکەتەوە و ئیتر نەگەڕاوە شوێنەکەی پێشووتری خۆی». هونەرمەند مەزهەری خالقی وتیشی «نەدەبا لەم کاتە زەکەریا ڕوو لەکاری تر بکات، چونکە هونەری کوردی پێویستی بەکەسانی لەم شێوەیە هەیە». سەبارەت بەتێکەڵکردنی ڕەخنەی هونەری لەگەڵ کەسایەتی هونەرمەند زەکەریا، هونەرمەند مەزهەری خالقی وتی «ئەمەیان بەستراوەتەوە بەئەخلاقی ئەو کەسەی ڕەخنە دەگرێت، لەئەوروپا ئەگەر کەسێك کارێکی هەڵە ئەنجام بدات، خەڵك بەبێدەنگی پێی دەڵێن تۆ هەڵەی، بەڵام لەکوردستان یەکسەر دەیدەن بەنێو چاوتا و قسەی دیکەت پێ دەڵێ، بەداخەو لەڕۆژهەڵات وا باوە کەسێك هەڵە بکات بەرامبەری یەکسەر پێی دەڵێن، ئەگەر هونەرمەندێکت خۆش بوێ دەبێ تەحەمولی بکەی و ئامۆژگاری بکەی، بەڵام گوناهە هونەرەکەی لەگەڵ شتێکی تردا تێکەڵ بکەی».

هەروەها هونەرمەند فەرهەنگ غەفور پێیوایە کە زەکەریاش وەکو هەر مرۆڤێك ئازادە چۆن بژیت و دەڵێت «بۆیە من هیچ ڕەخنەیەکم لەکەسایەتییەکەی نییە، بەڵام ڕەنگە بەلایەنی هونەریەکەیەوە هەبێت و کەچی ڕەخنەکانم ناچێتە ئەو قاڵبەی من قسە دەربارەی هونەرمەندێکی بەتوانا و بلیمەتی وەکو زەکەریا بکەم و بیشکێنم، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ مرۆڤێك لەهەموو لایەکەوە کامڵ نییە، من لەلایەنی ئەداکردنی زەکەریا ڕەخنەم هەیە، ڕەخنەکەشم بونیادنەرە نەك ڕووخێنەر و لەسەر ئەو بنەمایەیە کە زەکەریا لەستۆدیۆدا ئیمپراتۆرە و دەتوانم بڵێم و لەلایەنی دەنگەوە زۆر بەتوانایە، بەڵام کاتێك بەلایڤ گۆرانی دەڵێ ڕەنگە زۆر سەرکەوتوو نەبێ».

### شانۆکار ئەحمەد سالار:
### زەکەریا توانیوییەتی بنەماکانی گۆرانی وتن لەنێو گوڵدانێکدا کۆبکاتەوە

هونەرمەندی شانۆکار ئەحمەد سالار پێیوایە هەر هونەرمەندێك خواست و ویستی ئەم ڕۆژگارەی هێنایەدی، ئەوە هونەرمەندێکی داهێنەرە. دەڵێت «کاتێك گوێمان لەدەنگی زەکەریا بوو وتمان ئەمە دەنگی گەنجانەیە و خواست و ویستی زیاتر بوو بۆ هونەرەکەی، هەروەها بیسەریشی زیاتر لەچاو هونەرمەندەکانی تر لەماوەیەکی زۆرکورتدا بۆ پەیدابوو». ئەحمەد سالار ئاماژە بەوەشدەدا کە هونەری گۆرانی وتن لەسێ شت پێکدێت (میوزیك و دەنگ و تێکست) کە ئەمانە سەرەکیترین شتن بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند، زەکەریاش توانیویەتی هەرسێك بخاتە نێو گوڵدانێکەوە».

### تەنیا مافی ئەوەمان هەیە ڕەخنە لەلایەن هونەریەکەی بگرین

رزگار کێستەیی شاعیر و تێکست نووس دەڵێ «دەتوانم لەدوو لایەنەوە باس لەزەکەریا بکەم، زەکەریا یەکێکە لەهونەرمەندە زۆر زیرەکەکان لەلایەنی دروستکردنی پێوەندی و بەکارهێنانی ڕاگەیاندن و لەم بارەیەوە پەرەی زۆری بەتواناکانی خۆی داوە، بەڵام لەگەڵ ڕێزم وەکو دەنگ و ستران و هونەر من زۆر حەز لەستایلی زەکەریا ناکەم، هەرچەندە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە بەتایبەتی لەنێو گەنجەکاندا، سەبارەت بەڕەخنەی کەسی بۆ زەکەریا و هەموو هونەرمەندانی دیکە دوو شت هەیە پێویستە جیابکرێنەوە، ژیانی تایبەتی هونەرمەندەکە لەلایەك دابنرێت و جیابکرێتەوە لەلایەنە هونەرییەکەی، چونکە ژیانی هونەری هەر هونەرمەندێك بۆ هەموو خەڵکە، بەڵام لایەنی شەخسی تەنیا بۆ خودی هونەرمەندەکەیە، من مافی ئەوەم نییە بەهیچ شێوەیەك باس لەژیانی شەخسی و پێوەندییەکانی نێو خێزانی خۆی بکەم و لەدوور و نزیکەوە پێوەندی بەهیچ ڕەخنەگرێك و گوێگرێکەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بەخودی هونەرمەندەکەوە هەیە، ئێمە مافی ئەوەمان هەیە باس لە بەرهەمە هونەرییەکانی بکەین و ڕەخنەیان لێبگرین، چونکە ئەو بەرهەمە هونەرییە بۆ هەموو میللەتە و لەبەر ئەوەی ئێمە گوێگری ئەو بەرهەمەین تەنیا مافی ئەوەمان هەیە باس لەلایەنە هونەرییەکەی بکەین».

هەروەها هونەرمەند ئەحمەد سالار دەشڵێت «من خۆم یەکێك بووم لەهونەرمەندانەی کە ڕۆژگارێك دوژمنێکی زۆرم هەبوو، بەردەوام ڕەخنەم لێدەگیرا، بەڵام قەناعەتێکی زۆرم بەم ڕەخنانە هەبوو و هەستم دەکرد گۆڕانکارییەکم لەنێو هونەرەکەم کردووە. زەکەریاش بەهەمان شێوەیە هەربۆیەشە کارەکانی بەهونەرێکی باڵەو بەنرخ لەقەڵەم دەدەم، بۆیە حەز دەکەم لێرەدا شتێك بۆئەو کەسانە باس بکەم کە ئەوانەی ڕەخنەی لێدەگرن، کاتی خۆی (محمد عبدولوهاب) کە گەورەترین مۆسیقار و گۆرانیبێژی عەرەب بوو سەردەمێك وەکو زەکەریا گۆڕانکارییەکی لەنێو هونەرەکەی کرد، ئەو کات زۆر دژایەتیان کرد و یەکێك لەوانەی کە زۆر پاڵپشتی بوو (ئەحمەد شەوقی) شاعیر بوو، ڕۆژێك بەم هەموو ڕەخنەیەوە کە ئاراستەی کرابوو، چوو بۆلای (ئەحمەد شەوقی) و وتی: (مامۆستا چاوت لێیە چیم پێدەڵێن) وتی: (کوڕم داینێ ئەوە بەقەد باڵای تۆ هونەرەکەی تۆیان بەرزکردەوە)، کەواتە زەکەریاش یەکێکە لەهاوشانی ئەو کۆمەڵە هونەرمەندانە کەدەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکات کە تانەی لێبدرێت بەردەوام بێت لە کارەکانی خۆی و لێرەوە من دەستخۆشی لێدەکەم».

### میوزیکژەن دلشاد محەمەد:
### هەموو هونەرمەندێك بەڕەخنەگرتن پێشدەکەوێت

هونەرمەندی میوزیکژەن دلشاد محەمەد سەعید دەڵێت: «بێگومان هونەر بەهەموو شێوە و جۆرەکانییەوە بەڕەخنەگرتن پێشدەوکەوێت و هونەرمەند تەنیا بەڕەخنە کەموکوڕی و خاڵە لاوازەکانی خۆی بۆ دیاردەکەوێ، هەر هونەرمەندێك ئەگەر ڕەخنەی لێنەگیرێ ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە هونەرەکەی لاوازە، زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە هونەرمەند هەن بەکاك زەکەریاشەوە بەجۆرێك باس دەکرێن کە هیچ پێوەندی بەڕەخنەوە نییە و باس لەهەندێك شت دەکەن کە دوورە لەکارەکەی، بەڵکو شتێکی شەخسییە و مەبەست لێی شکاندنی هونەرمەندەکەیە، دواتر ئێمە گرفتێکی گەورەمان هەیە ئەویش ئەوەیە کێ ڕەخنەگرە؟ ئایا هەر کەسێك بتوانێت شتێك بنووسێت دەبێ ناوی لێ بنێین ڕەخنەگر، بەداخەوە ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو گرفتانەی کە ئەمڕۆ هونەر بەگشتی بەدەستییەوە دەناڵێنێت».

هونەرمەندی گۆرانیبێژ و موزیکژەن ئومێد باڵەبان هەر سەبارەت بەم بابەتە وتی «زەکەریا داهێنانێکی تازەی هێنا ناو گۆڕەپانی هونەری کوردی، بۆیە پێویستە زۆر ڕێزی هونەری ئەو هونەرمەندە بگرین نەوەك ڕووبەڕووی ڕەخنەی بێمانای بکەینەوە». باڵەبان ئەوەش دەخاتەڕوو، «هەرهونەرمەندێك ئەوەندە ڕووبەڕووی ڕەخنە بوویەوە توانای کارکردنی نامێنێت، بەڵام بەخۆشحاڵیەوە زەکەریا هەرگیز بەم قسانە نەڕووخاوە، بەڵکو بەردەوام بووە لەکاری جوانتر». لەکۆتاییدا (ئومێد باڵەبان) داوا لەگوێگران دەکات ئەگەر چاوێك بە ئەرشیفی زەکەریا بخشێننەوە، هەرگیز ئەم جۆرە ڕەخنانەی لێناگرن، بەڵکو بەردەوام دەستخۆشی لێدەکەن.



**رزگار کێستەیی: کەس مافی ئەوەی نییە بەهیچ شێوەیەک باس لەژیانی شەخسی و پێوەندییەکانی نێو خێزانی هونەرمەند بکات، لەدوور و نزیکەوە پێوەندی بەهیچ ڕەخنەگرێک و گوێگرێکەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بەخودی هونەرمەندەکەوە هەیە**

ئامادەکردن: رۆشنە

# ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینوسیت



پێشینان ڕەحمەت لە بابیان،خەستە ئەزموونەکانی تەمەنیان خەڵاتی نەوەکانی دوای خۆیان کردووە و هەر پیتەیان گەوهەرێکی گران بەهایە و نا فرۆشرێ،بەتایبەت ئەوانەی پیرێتی تەنگی پێ هەڵدەچنین و شانیان لە دیواری هەڵچووی تەمەن گیر دەکرد، وەك مەیل سووڕان و گەڕانەو بۆ جاران و بە تایبەت ڕۆژانی منداڵی،ئاخیان بۆ هەڵدەکێشا و خۆزگەیان بۆ زەین ڕوونییەکەی دەبرد، کە چۆن بەردە و سڕینەوەو لەبیرچوونەوەی نیە. جارێ لەجاران خۆم شایەتی عەیان بووم، بەساڵاچوویەك هێندە بەهەورازی ژیاندا هەڵکشابوو لە نەوەد ساڵی تێپەڕاندبوو، گێڕایەوە: منداڵێکی هەروا حەوت هەشت ساڵان دەبووم هاوینەکەی ئەو ساڵە پیاوی دەگەیاندە شەرای مەرگ و بێخود دەبوو، ناچار خۆمان و کەل و پەلی زۆر پێویستی ڕۆژانەمان سەر بەرزە وڵاخ ناو روومان لەماڵی ئامۆزاکانی بابمان کرد کە کوێستانی پشت کێوانی سەر سنوور هەواریان بوو، ڕەشماڵمان لێ هەڵدابوو. هەر کە گەیشتینە جێ، چونکە یەکەم جار بوو لەو جۆرە ماڵە ببینم، دەسبەجێ چاوم ورد بە وردی ئەو شوێنەی قۆزتەوە، بۆ نموونە: گڵوانکەیەکی ڕەنگینی ئاهەنگیان بە بنمیچی ڕەشماڵەکەدا هەڵواسیبوو،سەد و بیست و یەك گڵوانکەی پیادا شۆڕ ببوەوە، ژەنگی و گرژاڵی و ئیدی لەو چیغە ئەسمەر پێچەم روانی کەهەر تاکێکیان دەگەز دەبوو، دووسەد و حەڤدە قامیشی تیادا چەسپ و جووت بووبوو، مامە سەرحەدیش کەوا و سەڵتەیەکی شیرداخ و چەفتەیەکی خۆڵەمێشی ریشوو رەشی دێزی بەستبوو بەسەریەوە، هەوا بەملا و بەولادا دەیشەکان، گاڵۆکێکی ئەستووریشی پێ بوو، سەرەچەماوەکەی بن هەنگڵی نابوو، بەسەرەکەی تریشی ئاگری ئاگردانەکەی خۆش دەکرد کە مەنجەڵێکی دووکەڵ ڕەشکردووی لەسەر دانرابوو لەتەك حەوجۆشێکی چا لێنان...

بەهەر حاڵ سەرتان نەیەشێنم هەر دەتگوت دوایین مۆدێلی کامێرای سینەمایی گەلێك وردبینی پێبووە و ملیمەترێکی لێ نەپەڕاندووە. ئەوەی جێگای تیا رامان و لەهەمان کاتدا پێکەنین ئەوە بوو پاش ئەو وورد گێڕانەوەیە روویتێکردم و چاوە گچکەکانی هێنایەوە یەك و هێندەی دیکە گچکەتری کرد و باش لێی ڕوانیم و وتی: ئەرێ تۆ کێیت و چیت گەرەك بوو؟

ئەرێ پێشم ناڵێی باس چیم دەکرد؟ بە ئاخێکی حەسرەت کێشانەوە وتم: لالۆ گیان ئا ئەوەیە زەینی سەرد تاو

کۆتایـی، جەوانی و پیری، ژمین ڕوونی و ژمین کوێری.

یاران ئـەو کورتە سـەربووردەیەم بۆ سەرگوزشتەی هەنووکەی خۆم هێنایەوە. سـەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردووی سـەدەی بیسـتەمی قاڵ و جەنجاڵی شـۆرش و پاشان شەڕ و ئاشووب و هەرا و هوریا و گەلەگورگێ لەسەر جەستەی پارە پارە و گۆش و گۆشکراوی گەلان، بەر لەهەمووان گەلی کورد،دیارە تەمەنم گەیشـتبووە وادەی چوونـە قوتابخانە. بەیانـی زوو هەڵیانسـاندم و دەسـت و برد دەم و چاویان شوشـتم و پۆشـاکی نوێیان لەبەرکردم و لەماڵەوە بە کۆڵانە کەمێك تەنگەبەرەکانی گەرەکەکەمان لە شـاری هەڵەبجە کـە بە گەرەکی جوولەکان ناسرابوو، دەستم توند بە دەسـتی باوکمەوەبوو،گەیشتینە سەر شەقامە سەرەکییەکە کە شارەکەی کردبوو بەدوو بەشەوە، لەخوارە واتە لەخوار (پیر محەمەد)ەوە بەرەو ژوور، رووەو (عەبابەیلێ) بەدەم ڕێگاوە پەیتا پەیتا باسی خۆشی قوتابخانەی بۆ دەکردم و کەچـۆن چۆنی پێم ناوەتە قۆناغێکی دیکەوە، کاتێکم زانی چووینە خانوویەکی حەوشێ بەرینەوە، منداڵان هەڵبەز و دابەزو راکە راکـەو جرت و فرت و ژاوە ژاویان بوو،دەرگای ژوورەکان لەسـەر پشت بوون و تەختە ڕەشی شـەق و شڕ بە رووبەندی دیواری تەنیشـت دەرگاکاندا هەڵواسـرابوو، بۆنی تەباشیر و لاسـتیکی سڕینەوە و دادانی قەڵەم دەهات. گەیشتینە ئاستی دەرگای بەڕێوبەر، باوکم هەنگاوێ پێش خۆی دام و گووتی: کاکە سالار ئەمە ئەو شوێنە پیرۆزەیە هۆش و گۆشی مرۆڤی تیادا پەرە دەسێنێ و سـاز دەکرێ بۆ چوونە ناو ژیانی راستەقینەوە. بەڕێوبەر و ئەو سـێ چـوار مامۆسـتایەی لە ژوورەکەدا بوون ئاشـنـا و دۆستی باوکم بوون، خێرا هەسـتانە سەرپێ و تەوقەیان لەتەکدا کردوو دەستەملانی بوون و لەلای سـەرەوە دایان نا و منیش توندتر دەستی باوکم گرتبوو، زانیم لەوێ بەجێم دێڵێ و تەنها دەمێنمەوە، بە چاکی گوێم لە وتوو وێـژ و گفتوگۆکەیان بـوو، زەنگێکی دەنگ گەورە لێـی دا، کە هەرگیز ئەو دەنگە زەنگە پڕ لە زرنگانەوەیەم لەگوێدا ناسڕێتەوە، مامۆستاکان خواحافیزیان لە باوکم کرد و ئەوسا هەرخۆی و بەڕێوبەر مانـەوە، هەردووکیـان لـە مەنگی و مەلوولی و لارەملیەکەمدا بار ئاڵۆزییان خوێندمـەوە. ئەوسـا هەردووکیان بەرووبەکی خۆشی لێواو لێوی میهرو نەواوە تێیان ڕووانیم و منیش ئاهێکی سـەرفرازیم پیادا هاتەوە، بەڕێوبەر دەستی برد و لە پاکەتێکی تەباشیری ناو دۆڵابەکەی پشتمەوە حەوت کلۆ تەباشـیری دەرهێنـا و نایە هەردوو مشتی دەستەکانمەوە، هەردوو دەستم چونکە منـاڵ واتەنی (چەچەکانم) بەهەردووکیـان دەیتوانـی لەخۆیان بگرێ، پاشـان خسـتمە هـەردوو گیرفانەکەمەوە بۆ ئەو ڕەنگە جوانانە دڵم هات. ئـەو ڕەنگانە ڕەنگی ئەو پەلکـە زێڕینانەی دەهێنایەوە بەرچـاوم کە بەهاران پاش شەسـتە باران و لێزمـەی هەڵڕژانی، هەرچـۆن کونە و گڵێنەی سـەر بەرەو خوار کراو، کە ئـەو دەمانەش حەزم دەکرد لە هەیوانی باڵە خانە دوو نهۆمییە سەرداره راکراوەی بەقوڕە سوور سواغ درابوو، کە پلیسکە تەنەکییەکانی ئاوی بەسەر سـەرپەنجەرە سـەر بە کلاودار و تەنەکییەکاندا و بەسـەر حەوشە تاشە بەرد ڕێژراوەکەدا دەڕژان و چەشنەها ئاواز سـەری لێوە هەڵدەدا و هەر کەخۆشی دەکردەوە پەلکە زێڕینە لـەژوور باڵامبۆ و خوار گوڵان دیلانی ڕەنگاڵەی لـەو ئاسـمانەدا دەکرد و جاروبـارە هەتاو نمـەی باران دەسـتەملان دەبوونەوە و دەیان گـووت ئەوە گورگە زێیە، ئەوسـا هەموو جارێ لەتەك تەمەن هەڵکشاندا و لە وادەی پەلکە زێڕینەدا یەك بەیەك دەمبژاردن و دەمناسینەوە، ئاوا بوون ئەو حەوت تەباشیرەی کە گشت ڕەنگەکانی بوونم لێوە ناسیون و تەنانەت ئەو زانستەش کە پێی وایە چاوی مرۆڤ دەتوانێ پتر لە (٧٠٠)ڕەنگ ببینێ و لەیەکدی جیابکاتەوە، بۆیە هەر لە زەینی ئەو منداڵییەمـەوە و بەو پـەڕی بڕواوە دەڵێم: هەر هەموومان ئەو ڕەنگانەش کە هێشـتا نەبینراونەتەوە لە ڕەنگی ئەو حەوت کلۆ تەباشیر گەچینەوەوە و بـەو ڕەنگانە چاوی بەڕوو (ئەلف و بێ)یەکەی کوردیـدا کردمەوە و بووە سـورمەی دیدەکان و ڕشتنێ پێم ڕشـتووە، کەواتـە چۆن چۆنی سـوور و نارنجی و زەرد و سـەوز و شین و نیللی و وەنەوشەیی لێم دوور دەکەونەوە ئەوانە سەر لەوحەی زەینی ژیانمە.

**سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردووی سەدەی بیستەمی قاڵ و جەنجاڵی شۆرش و پاشان شەڕ و ئاشووب و هەرا و هوریا و گەلەگورگێ بوو لەسەر جەستەی پارە پارە و گۆش و گۆشکراوی گەلان،بەر لەهەمووان گەلی کورد**

**لەو حەوت کلۆ تەباشیرە رەنگاو رەنگە گەچینەوەوە و ئەو ڕەنگانە چاوی بەڕوو (ئەلف و بێ)یەکەی کوردیدا کردمەوە و بووە سورمەی دیدەکان و ڕشتنێ پێم ڕشتووە، کەواتە چۆن چۆنی سوور و نارنجی و زەرد و سەوز و شین و نیللی و وەنەوشەیی لێم دوور دەکەونەوە ئەوانە سەر لەوحەی زەینی ژیانمە**

# دیانا کەرەزون: شانازییە لەگەڵ هونەرمەندێکی ک

دیانا کەرەزون ئەو هونەرمەندەیە کە بەگۆرانی وتن ئەو هەوایەیە کە هەڵیدەمژێت، بەدەنگی خۆی هەستەکانی گوێگرانی دەهێنێتە گۆ، ئەم کچە گۆرانیبێژە ئوردنییە بەبێ ڕکابەرێتی شوێنی خۆی لەدڵی گوێگرانی کردۆتەوە بەتایبەتی گەنجان و نەوەی تازە پێگەیشتوو.

دیانا کەرەزون هەمیشە سادە و گەشبینە و وەك خۆی کە هەیە ژیانی خۆشدەوێ، بۆیە زەردەخەنەی هەڵبژاردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفت و ئاستەنگەکان، تام لەهەر چرکەیەکی ژیان وەردەگرێت بێئەوەی بیر لەسبەی بکاتەوە، بۆئەوەی زیاتر لەناخی ئەو کچە هونەرمەندە نزیك بینەوە و پێی ئاشنا بین، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا ساز کرد.



*** دوای ئەوەی نازناوی سوپەر ستارت بەدەستهێنا گەیشتی بەلوتکە، بەڵام ئێستا هەندێك کەس پێیان خەریکە عەرشەکەت دەهەژێ، چۆن وەڵامی ئەو کەسانە دەدەیتەوە؟**

- لەژیاندا هیچ مرۆڤێکی کامڵ نییە و هەر یەکێك لەئێمە هەڵەی خۆی هەیە، هونەرمەندیش هەرچۆنێك بێت لەکۆتاییدا هەر مرۆڤە و پارێزراو نییە لەهەڵە، بەڵام ئەوەی لەکەسانی تر جیای دەکاتەوە ئەوەیە کە چۆن دەتوانێت چارەسەری ئەو هەڵانە بکات کە ئەنجامی دەدات بەشێوەیەك کە سەرمایە و ئەرشیفی هونەری خۆی بپارێزێت بێئەوەی شوێنی لەق بێت و وێنەکەی ناشیرین بێت لەبەردەم جەماوەرەکەی.

*** ئەستێرەیەکی وەك تۆ لەڕکابەرێتی دەترسێ یاخود کارەکانی دەیپارێزن؟**

-کاتێك هونەرمەند ترس و لەرز دەیگرێ لەڕکابەرێتی پێویستە واز بهێنێت، بێگومان بڕوام بەخۆم و بەهرە و توانا زۆرەکانم زۆرە، بەڵام لێتان ناشارمەوە من هەمیشە ئاگاداری ڕووداوە هونەرییەکانی گۆڕەپانی هونەریم، بەکورتییەکەی من لەدوورەوە سەیر دەکەم و پەندیان لێ وەردەگرم.

*** بنەماکانی سەرکەوتن و بوون بەئەستێرەی هونەری چین؟**

- بوون بەئەستێرە تەنیا لەڕووخسار و سەرکەوتن و دەوڵەمەندیدا نییە، بەڵکو لەبەردەوام بووندایە، بۆیە پێویستە هونەرمەند لەلایەنی جەماوەرییەوە سەرکەوتوو بێت و ئاستی سەرکەوتنەکانی بۆ چەندین ساڵ بپارێزێت، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە گۆرانییە کۆنەکانی بەنەبرەیەکی نوێ بمێننەوە.

*** باجی سەرکەوتن چییە؟**

- نەمانی ژیانی تایبەتی.

***چۆن خۆت لەئیغرائاتی کاری هونەری دەپارێزی؟**

- لەڕێگای بڕوا بوون بەخوا و بەتواناکانم، لایەنی ئیغرای هونەر زیاتر ماددییە، سوپاس بۆ خوا من بەدوای پارەوە نیم، چونکە لایەنی ماددیم زۆر باشە، هەروەها من بەدوای ناوبانگیشدا ڕاناکەم، چونکە هونەرمەند قۆناغ بەقۆناغ ناوبانگیش پەیدا دەکات، بەهەما شێوە من ناتوانم هیچ شتێك پێشکەش بکەم کە قەناعەتم پێی نەبێت.

*** ڕات چییە بەرامبەر بەو پەندەی دەڵێت جوان بەو بێدەنگ بە؟**

-ئەمە پەندێکی کۆنە کاتێك بڵاوبۆوە کە پیاو ئافرەتی زیرەکی ڕەت دەکردەوە، چونکە حەزی لەگفتوگۆ نییە، بەڵام ئێستا ئافرەت لەوە زیرەکترە کە ئەم پەندە قبوڵ بکات، چونکە جوانی ناخی مرۆڤ قابیلی لەناوچوون نییە و ئێمە دەتوانین هەستی پێبکەین کاتێك ئافرەتێك ببینین لەکۆڕ و کۆبوونەوەکان گفتوگۆ لەسەر شتێك دەکات.

*** بەم نزیکانە یەکەم ئەلبوومی خەلیجیت بڵاودەکەیەوە، چۆن پێوەندی خۆت لەگەڵ جەماوەری خەلیجی ڕێك دەخەی و گۆرانی گوتن بەم شێوەیە چی دەگەیەنێت؟**

-سوپاس بۆ خوا پێوەندیم بەجەماوەرەکەم زۆر خۆشە لەهەموو وڵاتانی خەلیج، ئەم پێوەندیەش لەسەر بنەمای خۆشەویستی بونیادنراوە و لەسەر ئارەزووی ئەوان ئەلبوومێکی تەواو بەشێوەزاری خەلیجی دەڵێم.

*** ئەلبوومی پێشووت هەمەڕەنگی پێوە دیار بوو، بۆچی ئەم جارەش هەمان شتت دووبارە نەکردەوە؟**

- چونکە من ویستم لەکاروانی هونەری خۆمدا هەندێك لەمافەکانی گۆرانی خەلیجی بدەم و دڵنیاشم ئەم هەنگاوە ئەرشیفی

# ـــــورد گۆرانی بلێم



من دەوڵەمەندتر دەکات و دەمگەیەنێتە ئاستێکی پێشتر.

***پێوەندیت لەگەڵ ئەساڵە نەسری چۆنە؟**

-جگە لەوەی ئەساڵە هونەرمەندی خاوەن دەنگ و هەستێکی کەم وێنەیە، ئەوا مرۆڤێکی ئاسایی نییە و زۆر شتی لێوە فێر بووم، پێموایە ئەساڵە هونەرمەندێکە کە زۆرترین کاریگەری هەیە لەسەر هونەرمەندانی سوریا و ئەستێرەی یەکەمی سوریایە، من پێوەندییەکی باشم لەگەڵی هەیە و دووجار میوانداری کردم لەبەرنامەکەی (صولا) و کاتێك لەگەڵیدا گۆرانم وت هەستم بەهێز و بڕوا بەخۆبوونێکی سەیر دەکرد کە سەرچاوەکەی ئەساڵە بوو.

*** هەستت بەچیکرد کە ئەساڵە نازناوی (المتحولە)ی لێنای لەبەرنامەکەی بە کەمکردنەوە لەکەسایەتیت تێنەگەشتی؟**

-نەخێر و نازانم بۆچی تەنیا ئەم دەستەواژەیە لەمێشکی خەڵکدا ماوەتەوە و کەسیش باسی ئەوەی نەکرد کاتێ پێی وتم بۆ گەورە و پێگەیشتووی.

*** باسی ئەوەمان بۆ بکە هەستت چۆن بوو کاتێك لەگەڵ مستەفا قەمەر بەشداری کارێکی هونەریت کرد؟**

- زنجیرەی (مونتەهای عیشق) ئەزموونێکی گرنگ بوو بۆ من، ڕاشکاوانە دەڵێم من ١٠٠٪ لێی ڕازی نەبووم، بەڵام یەکەم ئەزموونی من بوو لەنواندن و پێموایە ئەزموونێکی باش بوو و هیوادارم کاری داهاتووم زۆر لەوەی پێشووتر باشتر بێت و بەهەموو شێوەیەك هەوڵ بۆ ئەوە دەدەم کە بتوانم باشترین کار و سیناریۆ هەڵبژێرم و مەشقی زیاتریش بکەم، و لەیەزدانی گەورە داواکارم کە بارودۆخەکەم گونجاو بێت بۆئەوەی کاری باشتر بکەم.

*** تائێستا سەردانی هەولێرت کردووە؟**

-بەڵێ هەولێرم بینیوە و عاشقی ئەو شارەم، چونکە کوردستان وڵاتی دایك و خاڵەکانمە و هیوادارم بتوانم لەکاتێکی زوودا سەردانی بکەمەوە.

***ئەگەر هونەرمەندێکی کورد داوای کرد دیۆیەکت لەگەڵ بڵێت ئامادەی ئەمە بکەی؟**

- بێگومان و زۆریش شانازی پێوە دەکەم و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی کاروانی هونەریم.

***چیت هەیە بیڵێی بۆ جەماوەرەکەت لەکوردستان؟**

- پێیان دەڵێم زۆرم خۆشدەوێن و هیوای باشترتان بۆ دەخوازم، چونکە ئێوە گەلێکی حەز لەژیان و خۆشەویستی و ئاشتی و هونەری ڕەسەن دەکەن و هیوادارم کارەکانم مایەی ڕەزامەندی ئێوە بێت.